ترەمپ: ئێران ئێستا کەشتیگەلی دەریایی نییە ، جەنگیش تاادەیەکی زۆر کۆتایی هاتووە



دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، ئێران لە ئێستادا کەشتی گەلی دەریایی نییە و هێزی ئاسمانی نییەو موشەکەکانیشی پەرتوبڵاو بون ،ئاماژەی بۆش کرد جەنگی ئێران تاادەیەکی زۆر کۆتایی هاتووە.

 دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ، ئەمڕۆ دوشەممە، بە تێڵی سی بی ئێس نیوزی وت، پێموایە جەنگی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر کۆتایی هاتوە.

وتیشی، ئێران ئێستا کەشتیگەلی دەریایی نییە، پەیوەندییەکانی نییە، هێزی ئاسمانی نییەو موشەکەکانیشی پەرتوبڵاو بون.

لەبارەی موجتەبا خامنەیی کە وەک ڕێبەری باڵای نوێی ئێران دیاریکراوە، ترەمپ وتی "هیچ پەیامێکم بۆی نییە."

لەگەڵ ئەوەش ئاماژەی بەوەدا کە کەسێکی لە بیردایە بۆ جگرەوەی حامنەیی بەڵام وردەکاری زیاتری باس نەکرد.